# تەسەوفی ئیسلامی و روانینێکی نوێ دەربارەی شیعری سۆفیگەرێتی

لەتیف هەڵمەت





حافزی شیرازی



سەهرەوەردی

1–2

سۆفیگەرێتی لە رووبەری ئاینی ئیسلامدا دوو هێڵی بنەڕەتیی هەیە:

–1هێڵی کۆمەڵایەتی: هێڵی کۆمەڵایەتیی سۆفیگەری بانگەشەی لە سوڵتەو دەسەڵات دابڕان دەکات و بەهیچ جۆرێک لە جۆرەکانی فتواکاری و فەرمانبەرێتی بەشداریی و هاریکاریی دەوڵەت ناکات و سۆفییەکانی سەردەمی بەناو خیلافەتی دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسییان بە ناشەرعی دەزانی و دۆستایەتییان لەگەڵ پیاوانی گەورەی ئەو دوو دەوڵەتەدا نەبوو دووره پەرێز وەستابوون و تەنانەت سوودیان لەو رووناکی و ئاگرانەش نەبینیوە کە دەوڵەت لە شوێن و جێگا گشتییەکاندا دەیانکردەوەو ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بە گشتی فتوای حەرامکردنی ئەوجۆرە ئاگرو رووناکییەکەی دابوو.. جگە لەوەش دەوڵەت لە دیدی سۆفیگەری ئیسلامیدا شەڕەو روو بەڕووبوونەوەی ئەرکی سەرشانەو هەر لەم

بۆچوونەوە سۆفیگەری ئیسلامی دەوری بالآیان بینیوە بۆ هاندانی خەڵک دژی رژێم و سوڵتە ئیسلامییە دیکتاتۆرەکانی وەکو ئەمەوی و عەباسی.

–2هێڵی عیرفانی: ئەم هێڵەی تەسەوف بایەخی بە عیرفان و فەلسەفە داوە، بەڵام دیسانەوە هەر دژی ئەوە بووە کە بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە دین و مەزهەبەکانی دی سەرکوت کرێن و مافی ئاینی خەڵکانی غەیرە ئیسلام پێشێل بکرێ و لەم بارەیەوە ئیبن عەرەبی و عەبدولکەریم جیلی و ئیبن سەبعین و مەعەڕی رۆڵی گەورەیان هەبووە.. بەڵام حەللاج و بوستامی و عەبدولقادری گەیلانی زیاتر دژی دیاردەی هەژاری و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی وەستاون و بەشێوەیەکی گشتیش هزرمەندانی سوفیگەری بەرگرییان لە ئازادیی بیرو ئاین کردووەو لەو بارەیەوە ئیبن عەرەبی لە شیعرێکیدا باسی ئەوە دەکات لەوەتەی رێبازی سۆفیگەرێتی دۆزیوەتەوە دڵی وای لێهاتووە ببێ بە کڵێسەی راهیبێکی مەسیحی و بتخانەی بتپەرستان و لەوەڕگەی ئاسکۆڵان و حەجەرولئەسوەدی حاجیان و ئایەتەکانی موساو قورئان... تەنانەت دڵی خۆشەویستی باوەڕو ئیمانی منە. شایانی وروژاندنە کە ئیبن عەرەبی عاشقی کچێکی زۆر جوان بوو بەناوی (نزام) کچی ئیمامی مەکە بووەو هەندێ سەرچاوەش دەڵێن کچی ئەمیرێکی دیمەشقی بووە.. کۆمەڵی شیعری شاکاری عاشقانەی بۆ نووسیوە.. وەک (تەئویل ئەلعوشاق)و (خەزانە ئەلعوشاق) و چەندین شیعری دی و لە هەموو ئەو شیعرانەدا تاڕادەیەک بە رەهایی باسی لە زەتی جەستەیی دەکات و دەبێ ئەوەش بێنینەوە یاد کە ئەم شیعرانەی لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورەی شامدا دەخوێندەوەو جارێکیان خەڵکێکی عەوامی بەناو موسڵمان خەریک بوو بیکوژن، بەڵام ئەمیرزادەیەکی دیمەشقی فریایکەوت و رزگاریکرد.. هەروەها رابیعەی عەدەویە وەکو عاشقێکی جەستەیی عاشقی خوای مەزن بوو تەنهاو تەنها شیعری بۆ خوای خۆشەویستی خۆی دەگوت.

سۆفیگەرێتی بۆچی...؟

بە بڕوای من سۆفیگەرێتی جیایە لە شەریعەت و سۆفیگەرێتی ئیسلامی لە ئەنجامی ئەوەدا هاتۆتە کایەوە کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی جڵەوی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامییان گرتەدەست.. ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان کرد بە هۆکارێک بۆ داگیرکردنی وڵاتان و چەوساندنەوەی گەلان و تالآنکردنی ماڵ و سەرو سامانی ئەو ناوچەو وڵاتانەی کە عەرەب نەبوون و ئێمە کاتێ مێژووی دوو دەوڵەتی زلهێزی وەکو ئەمەوی و عەباسی دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن ئەم دوو دەوڵەتە.. ئیسلامیان وەکو پەیامێکی پیرۆز ئاڕاستەی خەڵکی دی نەکردووە، بەڵکو وەکو گورزێک بەکاریانهێناوە بۆ تالآنکردن و سڕینەوەی کلتوورو ناسنامەی ئەو گەل و نەتەوانەی کە عەرەب نەبوون و بۆ ئەم مەبەستەش سوپایان ناردۆتە سەر سەدان وڵاتی وەکو هندستان و تاجیکستان و ئەرمەنستان و گورجستان و تورکستان و کوردستان و خوراسان و سەقەلیاو ئەسپانیاو کوێ و کوێی دی و بە سەدان هەزار ژن و کچ و کچۆڵەو منداڵیان لە پاشکۆی وڵاخەکانیان بە دیلی دەهێناو لە بازاڕەکانی بەغداو بەسراو قاهیرەو شام و مەککەو مەدینەدا هەراجیان دەکردن و ئەتک دەکران و داوێن پیسییان لەگەڵ دەکراو شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە نێربازی لە دەرباری خەلافەتی دەوڵەتی عەباسیدا برەوی پێدراو هەندێ لە خەلیفە عەباسییەکان سەرباری هەزاران کەنیزەک و کچۆڵە دەیان منالی جوانیان لە کۆشک و تەلارەکایاندا مۆڵدابوو داوێن پیسییان لەگەڵدا دەکردن و بەمجۆرە مرۆڤ کە مەزنترین و پیرۆزترین ئەفرێنراوی خوایە، لەلایەن خەلیفە ئەمەوی و عەباسیەکانەوەو بە ناوی پیرۆزیی ئیسلامەوە سووک و رسوا دەکراو هەموو مافەکانی پێشێل دەکرا. ئیتر لە ئەنجامی ئەم لە رێ لادان و پێشێلکارییانەی فەرمانڕەوایانی عەرەبەوە رێبازێکی دی لە رووبەری ئیسلامدا هاتە کایەوەو بەرامبەر بە شەریعەت وەستاو ئەو رێبازەش تەسەوف بوو... زۆر بەرەهاییش دەڵێم بۆ دەربازبوونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەو سەردەمانەدا لە تۆڕی شەریعەت، هاتنەکایەی رێبازی سۆفیگەری زۆر پێویست بوو، چونکە پیاوانی شەرع و ئاین هەر هەموویان نا، بەڵکو زۆربەی زۆریان بە جۆرێک لە جۆرەکان ملکەچی سوڵتەبوون و فتوای بەردەوامیان بۆ کاری رەواو ناڕەوای خەلیفەکان دەداو ئەوەی وانەبووایە وەکو ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بە ئەشکەنجە دەیانکوشت.. دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە هێڵی سۆفیگەری لەلایەن هێڵی شەرع و سوڵتەوە زۆر دژایەتی کراو دەیان شاعیرو بیرمەندی سۆفیگەر شاربەدەرکراو لە سێدارەدراو سوتێنراو تەگەرەو لەمپەری زۆر خرایە بەر بڵاوبوونەوەی نووسراوو هزرەکانیان و لە سوچی بەندیخانەکانی خەلیفەو دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا سەرنگون کران، چونکە هێڵی سۆفیگەرێتی بە

ڕەهایی بۆ دژایەتیکردنی دیکتاتۆرییەتی ئەو خەلیفانە هاتە کایەوە کە بەناوی ئیسلامەوەو لە سایەی ئاڵای ئیسلامدا ملهوڕی و کاری ناشەرعی و تاوان و زەبرو زەنگیان دەکردو لە دەرهاویشتەی ئەم بیرو بۆچوونانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بیرو هزرو فەلسەفەو هێڵی سۆفیگەری ئیسلامی دژی سێ دەسەڵاتی سەرەکییە.. کە ئەمانەن:

-1دەسەڵاتی دەوڵەت. 2-دەسەڵاتی ئاینی. 3-دەسەڵاتی دارایی.

سۆفییەکان بە کردار دژایەتی ئەم سێ دەسەڵاتەیان کردووەو لەپێناوی ئازادیی هزرو ئازادیی ئاین و یەکسانی داراییدا قوربانییان داوەو گیانی خۆیان بەختکردووەو تراژیدیای مەرگی مەنسووری حەللاج و سەهرەوەردی و ئیمامی حەنبەل و ژیانی لێوانلێوی کوێرەوەری و دەربەدەری و ئەشکەنجەی ئیبن عەرەبی و رابیعەی عەدەویەو..هتد. بەڵگەی رەوان و ئاشکرای ئەو قوربانیدانەیەو بە پێچەوانەی هەموو بەربەستێک و لەمپەرێک هزری سۆفیگەری وەک هزرێکی نەیاری شەریعەت لە رووبەری ئاینی ئیسلامیدا جێی خۆی کردەوەو بوو بە رێبازێکی فەلسەفی و ئێستا رۆژهەڵات و رۆژئاوای سەرقاڵکردووە.. و دەیان نووسەری بەناوبانگی ئەورووپایی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن و دەیان نووسەری مەسیحی و ئیسلامی و جوولەکە لەسەر مەرگەساتی عاشقانەی حەلاج و ئیمامی حەنبەل و سەهرەوەردی دەیان کتێبیان داناوەو لە ناوەندی رۆشنبیریی جیهانییدا ئەوەندەی بایەخ بە سۆفیگەرێتیی ئیسلام و شیعری سۆفیگەرێتیی ئیسلام دەدرێ، ئەوەندە بایەخ بە شەرع و شەریعەتی داڕێژراوی ئیسلام نادرێ.. هەر بۆ نموونە ئەوەندەی بایەخ بە شیعرو هزرو خۆشەویستی لەلای حەلاج و رابیعەی عەدەوییەو ئیبن عەرەبی و ئیبن تیمییەو ئیبن سەبعین و جونەیدی بەغدادی و جەلالەدینی رۆمی و بایەزیدی بوسامی و حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی و ئەبو عەتاهیەو باباتاهیری عوریان دەدرێ، ئەوەندە بایەخ بە کاکڵەی شەریعەت نادرێ و ئەوەش لەبەرئەوەیە بەها جوانەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام زیاترو روونتر لە بیرو هزرو شیعری سۆفیگەرێتی ئیسلامیدا دەردەکەوێ نەک لەشەریعەتدا.. چونکە داڕشتنی شەرع بەهاوبەشی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی بووە، بەڵام هزرو بیرو شیعرو فەلسەفەی سۆفیگەری ئیسلامی زادەی سۆفیانی ئازادیخوازە.

لادان لە شەریعەت لە گوتەزا سۆفیگەرییەکاندا:

دەبێ ئەوە باش بزانین سۆفییەکان بەئاشکرا لە گوتەزاو بیرو هزرەکانیاندا بە پێچەوانەی شەریعەت هەڵسوکەوت دەکەن و لە شیعرەکانیاندا شتگەلی وا دەڵێن لەلای زانایانی شەریعەت دەچێتە خانەی گومڕاییەوە... هەر بۆ نموونە شێخ محێدینی عەرەبی بە یەکێک لە مووریدەکانی دەڵێ: ئەی ئەو برایەی کە رێنمایی منت دەوێ ئەگەر یەکێک هانی دای ئەم رێگایە بەربدەیت و گوتای داوای بەڵگەو روونکردنەوە لە رێبەرانی ئەم رێبازە بکە دەربارەی ئەو نهێنییە خوداییانەی کە باسی دەکەن رووبەڕوویان بەرەوەو پێیان بڵێ بەڵگەی شیرینی هەنگوین چییە! دیارە دەڵێ ئەوە زانیارییەکە بە تاموچێژکردن دەست دەکەوێ و بەڵگەی پێ ناوێ.. تۆش پێی بڵێ ئەوەش وەکو ئەمە وایە... هەروەها جارێکیان بایەزیدی بوستامی بە یەکێک لە موریدەکانی دەڵێ: جارێک من ببینی لەوە باشترە هەزارجار خوا ببینی.. هەروەها گوتوویەتی: خوای بەرزو باڵای ئێوەم.. هەر لەو شێوازە ئەبو موغیس بن جەمیل دەڵێ: ئێمەی سۆفی دەریایەکمان پەیکرد.. پێغەمبەران لە لێوارەکەیدا وەستاون... هەر لەم بارەیەوە عەبدولقادر جیلی دەڵێ: ئەی کۆمەڵێ پێغەمبەران ئێوە ناوبانگتان بۆ هاتووە ئێمەش شتگەلێک کە بۆ ئێوە نەهاتووە.. هەورەها لە کتێبی -ئەخبارولحەللاج-دا هاتووە، کە حەللاج گوتوویەتی گومڕایی و ئیمان بەناو لێکدی جیاوازن و لە ناوەڕۆکدا جیاوازییان نییە... هەروەها بۆستامی لە گوتەزایەکی تردا بە مانایەک لە ماناکان دەڵێ خوایە لە گوناهکاران ببوورەو لەبری ئەوان من سزابدە. ئیبراهیمی ئەدهەم زۆر بە رەهایی دەڵێ: رۆژی حەللاج پەیدابکەو گوێ مەدەرە شەونوێژو رۆژووگرتن.. ئەم وتەیە لە سەداسەد پێچەوانەی شەریعەتە، بەڵام دەقێکە لە دەقە جوانەکانی هزری سۆفیگەری... رابیعەی عەدەویە کە یەکێکە لەژنە سۆفییە ناودارو باڵادەستەکانی ئیسلام و سەرتاپای سووتاوی عەشقی جوانی خوای مەزنەو پێشڕەوی ئەو سۆفیانەیە کە وشەی -خۆشەویستی- یان لە فەرهەنگی ئیسلامیدا پەرەپێداوەو گیانێکی نوێیان بە بەرداکردووە، دەڵێ: ئەی خوایە ئەگەر لە ترسی ئاگر دەتپەرستم.. بە ئاگری دۆزەخ بمسوتێنەو ئەگەر بە مەبەستی بەهەشت دەتپەرستم... لە بەهەشت بێبەشم بکەو.. بەڵام ئەگەر لە پێناوی خۆشەویستیدا دەتپەرستم ئەی خوایە بێ بەریم مەکە لە جوانی ئەزەلی خۆت. من لێرەدا هیچ گوتەزایەکی کوردیم بە نموونە نەخستۆتە روو چونکە بە راستی زۆر گەڕام هیچ گوتەزایەکی کوردیم نەدۆزییەوە تارمایی سۆفیگەری پێوە دیاربێ

و ئەوەی هەبوو نەبوو زیاتر گوتەزای زوهدکاری و خواناسی و ئاینپەروەری و شەریعەتگوزاری و وەسف و پیاهەڵدان بوو بە گەورەیی خواو خۆشەویستی پێغەمبەران و پیاوچاکانداو نەدەکرا بیانخەمە خانەی سۆفیگەرێتییەوە... ئەمەش جێی داخ و سەرسوڕمانە...

هەندێ نموونە لە شیعری سۆفیگەرێتیی عەرەبی و فارسی:

دەسا هەواڵ لە ئێوەوە بە خۆشەویستانم بگا/ من کە چوومە سەر دەریا پاپۆڕەکە تێکشکا/ مردنی من لەسەر دینی سەلیب دەبێ/ من نە–بەتحا–و نە –مەدینە–م دەوێ.. حەللاج.

خەرقە پۆشی من بە مەبەستی دینداری نییە/ پەردەیەکە سەد شوورەی نادیاری پێدادەپۆشم/ باوکم باخی بەهەشت بە دوو دەنکە گەنم بفرۆشێ/ نەوەیەکی باش نیم ئەگەر من بە دەنکێ جۆی نەفرۆشم.. حافزی شیرازی.

فەرمانی من فەرمانی خوایە... ئەگەر/ وتم ببە.. جێبەجێ دەبێ یەکسەر/ لە راستیدا/ هەموو هی منە وڵاتی خوا/ هەموو تەوەرەکانی/ وان لە ژێر رکێفدا.. شێخ عەبدولقادری گەیلانی– الفیوچات الربانیە.

خوایە رۆژی مردنم ویستیان بمخەنە ژێر خاک رێ نەدەن/ لێیان گەڕێ بمبەن بۆ مەیخانەیەک و بمشۆن بە مەی.. حافزی شیرازی.

لە دینی خوا گومڕا بووم و لە لای من گومڕایی/ ئەرکی سەرشانمەو لای موسلمانانیش ریسوایی.. حەللاج.

خوایە رۆحی خۆت ئاوێتەی رۆحی من کرد/ وەکو چۆن مەی تێکەڵاوی ئاو دەکرێ/ هەرچی ئازار بە تۆ دەبا.. ئازار بە منیش دەدا/ تۆ منیت و منیش تۆم هەرچۆنێ بێ.. حەللاج.

خودا/ وا لەژێر جبەکەی مندا– شێخ محێدینی عەرەبی

خوا بەندەیە/ بەندە خوایە– شێخ محێدینی عەرەبی– موازین الێوفیە– دار الایمان.

چەند خۆشی بوو کە پێکەوە نوستین لەیەک کراسا/ روومەتی ئاوێزانی روومەتم بوو بەرووومەتمەوە نووسا/ هەتاوەکو رووومەتی ئارەقی دەردا/ تاکو ئێستاش گوڵاوپڕژێنی من دەکا.. دیوانی– ئیبن فارچ

لەوساوە تۆ بانگت کردم/ دەمت ماچ کەم/ هەرچەند ناوی من ببرێ/ عەتر دەرژێ.. دیوانی– ئیبن فارچ

حەزدەکەم لێرەدا ئەوە روونبکەمەوە کە ئیبن فارچ وەکو شاعیرێکی سۆفی گەورە ئەو دوو شیعرە غەزەلەو دەیان شیعری غەزەلکاری و غەزەلبازی دی ئاڕاستەی خوای مەزن کردووەو لەمجۆرە رێبازەشدا ژنە شاعیرو سۆفی ناودار رابیعەی عەدەویە دەیان شیعری هەیەو بە شێوەی غەزەل و دڵداریکردن ئاڕاستەی خۆشەویستەکەی خۆی کردووە کە خوای گەورەو بێ هاوتایەو هەموو جۆرێکیش لەمجۆرە شیعرانە دەرچوونە لە بازنەی –شەریعەت